# بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس دەکرێنە فینلەندی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و وەرگێڕی کورد سۆران زەکی کە ساڵانێکی زۆرە لە فینلەند دەژی، دیوانێکی شیعریی شێرکۆ بێکەسی بەناوی (کوکوختیە بزێوەکە) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فینلەندی و بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لە ڕێوڕەسمێکدا بڵاوی بکاتەوە.

سۆران زەکی بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 9/11/2019 لە کتێبخانەی ئۆوودی لە هێلسینکی کتێبی (پڕشنگی رۆح دەستگیر ناکرێ)ی شێرکۆ بێکەسی شاعیری مەزنی کوردم بە ئامادەبوونی هەڵۆ شێرکۆ بێکەس و چەند نووسەرێکی دیکەی کورد و فینلەند بڵاوکردەوە کە دوو شیعری هەڵۆ شێرکۆ بێکەسیشی تێدابوو".

سۆران زەکی بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممەش 9/12/2019 لە کتێبخانەی سێللۆ لە شاری ئیسپۆ لە فینلەندا کتێبێکی دیکەی شێرکۆ بێکەس لە کۆڕێکدا بڵاوبکاتەوە. کتێبەکە ناوی (کوکوختیە بزێوەکە)یە کە چیرۆکێکی منداڵانە و 52 لاپەڕەیە.

سۆران زەکی ئێستاش وەرگێڕانی هەندێک هۆنراوەی هەڵۆ شێرکۆ بێکەسی بەدەستەوەیە بۆ فینلەندی و بەنیازە سەرەتای ساڵی ئایندە بڵاویانبکاتەوە.

هەروەها وەرگێڕانی کتێبی (تەیموور تاکە رزگاربووی ئەنفال) لە نووسینی عارف قوربانی.

سۆران زەکی کە خەڵکی شاری پیرانشاری رۆژهەڵاتی کوردستانە، لە پایزی 1993 وە لە فینلەند دەژی، لە ساڵی 1996 دەستی بە خوێندنی وەرگێڕان کردووە و ساڵی 1998 لە زانکۆی تامپێرێ یەکەم بڕوانامەی وەرگێڕان (کوردی - فینلەندی) ی وەرگرتووە. سێ ساڵ دواتر دووەم بڕوانامەی وەرگێڕانی (فارسی - فینلەندی) لە هەمان زانکۆ وەرگرت".

سۆران کە ماستەری لە زمان و وێژەی فینلەندی هەیە، یەکەم کتێبی خۆی بەناوی (رێزمانی فینلەندی بە کوردی) لە ساڵی 2007 بڵاوکردەوە. ئەو باسی بەرهەمێکی دیکەی دەکات کە ساڵی 2012 بە هەردوو شێوەزاری (سۆرانی و کورمانجی) نووسیویەتی و دەڵێت: "کتێبی (زمانی فینلەندی بە کوردی دەخوێنم) لە ساڵی 2012 سۆرانییەکەیم بڵاوکردەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کێشەی پارەوە تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە کورمانجیەکە چاپ بکەم. هەمان کتێبم لە 2016 دا کرد بە فارسی و لە هەمان ساڵدا بە هاوکاریی خوێندکارێکی خۆم کتێبەکەم وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و بڵاومکردەوە".

ئەو نووسەرە کتێبێکی دیکەی لە کوردییەوە کردووە بە فینلەندی و دەڵێت: "ساڵی 2016 کاتێک لە زانکۆی هێلسنکی لە کۆرسێکی وەرگێڕان بووم نۆڤلێتی (مینای چاوجوان)م کردە فینلەندی کە لە نووسینی فەهمی کاکەیە".

نووسەر لەپاڵ کار و خوێندندا کۆمەڵێک چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی فینلەندی کە بەنیازە لە سەرەتای ساڵی 2020 بەشێوەی زنجیرەکتێب چاپیان بکات و دەشڵێت: "جگە لەمانە دوو کتێبی دیکەم ئامادەی چاپن (کوردی فێردەبم) و (کوردی دەخوێنم). ئەم کتێبانە بۆ ئەوانەن کە دەیانەوێ کوردی سۆرانی فێربن".






# "ئەلبێر کامۆ لەلایەن هەواڵگریی سۆڤیەتەوە کوژراوە"

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نزیکەی شەش دەیە لەمەوبەر ئەلبێر کامۆ، نووسەر و ئەدیبی فەرەنسی لە رووداوێکی هاتوچۆدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام کتێبێکی نوێ باس لەوە دەکات کە مەرگی نووسەرە فەرەنسییەکە بە رێکەوت نەبووە و لێدوانە توندەکانی لەدژی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، بووەتە هۆی مردنی.

کامۆ لە رۆژی چواری کانوونی دووەمی 1960 کۆچی دوایی کرد، کاتێک میشێل گالیمار، بڵاوکەرەوەی کتێبەکانی کامۆ، کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی لەدەست دەردەچێ و ئۆتۆمبێلەکەی دەکێشێ بە درەختێکدا، کامۆ دەمودەست دەمرێ.

جیۆڤانی کاتێلی، نووسەری ئیتاڵی، لە کتێبێکی نوێدا لەژێر ناونیشانی "مەرگی کامۆ" و بە پشتبەستن بە یاداشتەکانی یان زابرانا، شاعیر و وەرگێڕی چیکی، دەڵێت دەزگای هەواڵگریی سۆڤیەت (KGB) لە پشت رووداوەکە بووە.

لە 1978 دا هێربێرت لۆتمان لە کتێبی ژیاننامەی کامۆدا نووسیبووی "پێدەچوو رووداوەکە بەهۆی تەقینی تایەر یان شکانی ئەکسلەوە بووبێ. شارەزایان سەریان لە رووداوەکە سوڕماوە، چونکە رێگاکە راستەڕێیەکی درێژە و 30 پێ پانە و لەو کاتەدا قەرەباڵغییەکی ئەوتۆش لە شەقامەکە نەبووە".

زابرانا لە یاداشتێکی 1980ی خۆیدا نووسیبووی کە "کەسێکی خاوەن زانیاری و پەیوەندی" پێیگوتووە هەواڵگریی سۆڤیەت لە پشت رووداوەکەوەن "ئەوان شتێکیان خستبووە ناو تایەری ئۆتۆمبێلەکەوە، بۆیەش کاتێک ئۆتۆمبێلەکە بە خێراییەکی زۆر رۆیشتووە، تایەرەکەی تەقاندووە".

سێ ساڵ پێش ئەو رووداوە، کامۆ، نووسەری رۆمانەکانی "بێگانە" و "تاعوون"، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بەدەستهێنابوو. ئەکادیمیای نۆبڵ هۆکاری بەخشینی ئەو خەڵاتەی بە نووسەرە فەرەنسییەکە بۆ ئەوە گەڕاندبووەوە کە لە نووسینەکانیدا "رووناکی دەخاتە سەر کێشەکانی ویژدانی مرۆیی لە سەردەمی خۆماندا".

کاتێلی یەکەمجار لە ساڵی 2011 و لە راپۆرتێکی رۆژنامەڤانیدا باسی لەوە کرد کە هەندێک تێبینی لە یاداشتەکانی زابرانا بەدی کردووە کە ئاماژەن بۆ ئەوەی مەرگی کامۆ بە رێکەوت نەبووە، دواتریش ساڵانێکی زۆری بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی نووسەرە چیکییەکە تەرخان کرد.

نووسەرە ئیتاڵییەکە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە لەگەڵ ماری زابرانا، هاوژینی زابرانا قسەی کردووە، بەدواداچوونی بۆ دەستێوەردانی هەواڵگریی سۆڤیەت لە فەرەنسا کردووە و لە رێگەی سەرچاوەی دیکەوە زانیاری دەستی دووی لە ژاک ڤێرژیس، پارێزەری بەناوبانگی فەرەنسی دەستکەوتووە. کاترین کامۆ، کچی ئەلبێر کامۆ، بۆچوونەکەی کاتێلی پشتڕاست ناکاتەوە.

کامۆ لایەنگرێکی سەرسەختی راپەڕینەکەی 1956ی هەنگاریا و دژی سیاسەتەکانی سۆڤیەت بوو. کاتێلی پێیوایە "هەم سۆڤیەت و هەم فەرەنسا سوودێکی زۆریان لە بێدەنگکردنی کامۆ دەبینی کە بیرخەرەوەی ئیمپریالیزمی دڕندەی سۆڤیەت بوو".

ئەلیسن فینچ، مامۆستای ئەدەبی فەرەنسی لە زانکۆی کەمبریج، پێیوایە سەرچاوەکانی "مەرگی کامۆ" جێی باوەڕ نین و دەڵێت کتێبەکەی کاتێلی ئەوە دەگەیەنێ کە حکومەتی ئەوکاتی فەرەنسا لە ئاستێکی باڵادا ئاگاداری پیلانەکەی سۆڤیەت بووبێ، لە کاتێکدا "ژەنەراڵ دو گوڵ، سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا، خۆی نووسەرێکی پێگەیشتوو بووە و رێزێکی زۆری بۆ رۆشنبیرە فەرەنسییەکان هەبوو، بەوانەشەوە کە لەگەڵی ناکۆک بوون".

# رۆمانێکی کوردی دەکرێتە ئیتاڵی

■ ئا: بەسام مستەفا

رۆمانێکی رۆماننووسی کوردی تاراوگەنشین محەممەد ئوزون بەناوی (تۆ) بە زمانی ئیتاڵی بڵاوکرایەوە.

رۆمانەکەی ئوزون کە پێشتر بە شێوەزاری کرمانجی بڵاوکراوەتەوە، لەلایەن وەرگێڕی ئیتاڵی فرانسیسکۆ ماریلۆنگۆ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئیتاڵی و بڵاوکراوەتەوە. چاپی ئیتاڵیی رۆمانەکەی محەممەد ئوزون لەلایەن پەیمانگای کوردی و سەنتەری نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵات، لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا چاپکراوە.

رۆمانی (تۆ) یەکەمین رۆمانی محەممەد ئوزونە کە لە 220 لاپەڕە پێکدێ و لە ساڵی 1984 لە سوێد بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکی رۆمانەکە باس لە شاری ئامەد و بیرەوەرییەکانی خۆی لە بەندیخانەی ئامەد دەکات.

محەممەد ئوزون ساڵی 1953 لە ناوچەی سوێرەکی رەهای باکووری کوردستان لەدایکبووە. ساڵی 2007 لە ئامەد کۆچی دوایی کرد. ئوزون لە ماوەی ژیانیدا حەوت رۆمانی نووسیون، ناوبراو بە پێشەنگی رۆمانی کوردی کرمانجیی مۆدێرن دادەنرێ. بەرهەمەکانی بۆ زۆر زمانی زیندووی جیهان وەکو ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، ئەڵمانی و ئیتاڵی وەرگێڕدراون. گرنگترین رۆمانەکانیشی بریتین لە : تۆ، مردنی پیرێکی چاک. سێبەری ئەوین، بیری قەدەر و هەروەها هاواری دیجلە.



# نوێگەری و ئەرکەکانی



بەشی دووەم

بەکر عەلی



لە ماوەی رابوردوودا چەند وتارێکم لەم رۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە، لەوانە: باری نائاسایی، ئێمە بۆ خۆمان جوان دەکەین، نیشتیمان و نانیشتیمان، کە خەسڵەتە فەلسەفییەکانیان بریتی بوو لەوەی پیشانمان بدات بیرکردنەوە چالاکییەکی فرە ئەرکە، بەدیوێکدا بەهای باو دەرووخێنێ، دیاردەی باو دەسڕێتەوە، نەریتی باو لەناودەبات و بەدیوەکەی تریدا بەهای نوێ، دیاردەی نوێ و نەریتی نوێ و شوێنی نوێ دادەهێنێ.

هیچ بیرکردنەوەیەک نابێت تەنیا یەک ئەرکی هەبێت، بەتەنیا بڕوخێنێت یان بەتەنیا دروست بکات، ئەمە خەسڵەتی بیرکردنەوە نییە.

لەناو کایەی رۆشنبیری کوردیدا هەر جۆرە نوێکارییەک بەرپا بووبێت، دەبێت ئەو پرسیارەی بەرەوڕوو بکەینەوە، ئایا چ بەهایەکی لەناوبردووە و چ بەهایەکی نوێی جیاوازی داهێناوە. چونکە نوێگەری هیچ نییە جگە لە تێپەڕاندنی دۆخ و کایەیەکی بەهایی بەرەو دۆخ و کایەیەکی بەهایی تەواو جیاواز. دیارە لەناو جیهانیژیانی کوردیدا لەبواری ئەدەب و روناکبیری و هونەرو سیاسەت جۆرە نوێکارییەکی تایبەتمەند بەسەر بەها نەریتییەکاندا هێنراوە، ئەمەش هەڵبەتە تەنیا لەبەرئەوەی ئەو بوارانە پێشینەیەکیان لەناو جیهانیژیانی ئێمەدا هەبووە، دیاردە بوون، ئایدیۆلۆژیا بوون، ئاماژە بوون و گوتاریش بوون، بەڵام لەبواری زانستدا لەبەرئەوەی چ پاشخانێکی پێشترمان شک نەبردووە، هیچ جۆرە نوێکارییەک سەری هەڵنەداوە، بگرە خودی زانست هێشتا تەنێکی نامۆیە بەو جیهانیژیانە. بەدیدی من رەنگە ئەم دیاگنۆزەیە دیارترین لایەنی جیاوازی خۆراوا و کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان بخاتەڕوو بۆمان. بواری زانست و ئابووری و پیشەسازی قورسترین وەرچەرخانی بەسەر سترەکتوری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆراوادا هێنا. لەسەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم بەدواوە مەسەلەی ئیشکردن و پێشکەوتن بوونە زمانحاڵی شارستانیی خۆراوا. لێرەوە ئەم پرۆسە مۆدێرنەگەرە رووبەڕووی بەرەنگاری دەبێتەوە، سەرهەڵدانی بزووتنەوە رۆمانتیکییەکان و فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی وەکو بەرەنگاربوونەوەیەک بۆ ئەو نوێگەرییە پیشەسازییە دەرکەوتن. بەڕادەیەک فیلۆسۆفێکی وەکو مارکس لە قۆناغی هیگڵیستبوونیدا جۆرە تێڕوانینێکی ئایدیایی تەواو جیاوازی هەبوو وەک لە قۆناغەکەی دواتری کاتێک لەسەر ئابووریی سیاسی دەنووسێت و باسی کاپیتاڵیزم و بازاڕی جیهانی دەکات، کەچی فیلۆسۆفێکی وەک نیتچە کە لەهەمان سەدەدا ژیاوە، بەجۆرێکی تەواو تایبەتمەند بەرەنگاری ئەو شاڵاوە ئاگرینەی مۆدێرنە دەبێتەوە. نیتچە لەبری ئەوەی رووە ئابوورییەکە بخاتە بەر رەخنە، خۆی لە بوارە رۆحی و کولتوورییەکە هەڵقورتاند. بۆیە لەگەڕانیدا بۆ رێنیسانسکردنەوەی ئەورووپا لەڕێی ڤاگنەرەوە گەڕایەوە بۆ گریک و "لەدایکبوونی تراژیدیا"ی کردە دیمەنێکی گرنگی هەر رێنیسانسێک کە بشێت سەرهەڵبدات. واتە ئەگەر مارکس و ئەنگڵز سۆسیالیزمی ماتەریاڵیزمیان داهێنابێت بۆ بەرەنگاربوونەوە، ئەوا نیتچە لەم قۆناغەی بیرکردنەوەیدا سۆسیالیزمی ئیستاتیکی داهێنا، وەک زیمیل و سلۆتەردایک راڤەی دەکەن.

بەراورد بەو رووداوە خۆراواییە، لە جیهانی خۆرهەڵاتدا، بۆ نموونە لەجیهانیژیانی کوردیدا دەرکەوتنی سیماکانی مۆدێرنە بە گەورەترین هیوا زانراوە بۆ ئازادی. رێنیسانس لە دنیای ئێمەدا بەوە دەپێورێت چەندێک خۆت فڕێدەدەیتە ناو تەوژمی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و زانستییەوە. بۆیە زۆربەی رێنیسانخوازەکانمان بەو پرۆسەی بیرکردنەوەیەدا گوزەریان کرد کە بکەونە ناو رەخنەگرتن لە دۆخە باوەکان و دەستبکەن بە ستایشکردنی دەستکەوتەکانی مۆدێرنە. سەرەتای سەدەی بیستەم هەموو ئەو شاعیر و روناکبیر و سیاسەتمەدارانەی خۆیان لە بوارەکانی خۆیاندا راگەیاند، بریتی بوون لە دەرەنجامی ئەو دووفاقێتییەی کردەی بیرکردنەوە هەڵگرێتی. بۆیە ئێمە نوێگەرێک شک نابەین سەرزەنشتی نەریتی باوی نەکردبێت و لەهەمان کاتیشدا ستایشی دنیای نوێی نەکردبێت. شاعیران و ئەدیبانی وەک پیرەمێرد، بێکەس، تۆفیق وەهبی و قانیع... هەموو وەک ئەو یۆتۆپیستانە رەفتاریان دەکرد کە شوێنی خۆیان بەرەو سەرزەمینێکی نادیار بەجێبهێڵن. ئەمان پێشکەوتنیان لەوەدا دەبینییەوە نەریتی باو بەجێبهێڵن و لەڕێی خوێندن و زانستەوە دۆخی کۆیلەیی تێکبشکێنن و خۆیان بگەیەننە ئاستێکی پێشکەوتووی شارستانی. گەر تێبینی بکەین، زۆرینەی گوتارە باوەکانی ئەو قۆناغە بریتی بوون لە هاندانی کۆمەڵگە بۆ خوێندن و فێربوون، هاندانیان بۆ بەدەستهێنانی سەربەستی و ئازادی. کەواتە نوێگەری لە جیهانیژیانی ئێمەدا هۆشمەندییەک بووە بۆ ئازادی. ئەم ئازادییە لەسەر دوو ئاست روویداوە، جارێک لەسەر ئاستی ناسیۆنالیزم، چونکە لەو قۆناغەدا تاکە رێبازی رزگاربوون لە کۆیلەیی و لە ژێردەستەیی بریتی بووە لە ناسیۆنالیزم، ئاستی دووەم لە بواری سۆسیالیزمدا بەرپا بووە کە زۆر لە رۆشنگەران هانی چینی جووتیاریان داوە لە دەرەبەگایەتی رزگاریان بێت. ئەم دوو ئاستەش ئاماژەن بۆ چرکەساتێکی دیالێکتیکی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ئێمەدا. بەم پێیە، لەبەرئەوەی ئێمە بەدەست ژێردەستەیی کۆلۆنیالیزمەوە دەمانناڵاند، نوێگەریی ئێمە بریتی نەبووە لە رووخاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و گەڕان نەبووە بۆ مەسەلەکانی (راستی و مانا و جوانی و هەق) شتێک کە خۆراوا توند پێوەی دەرگیر بووبوو. بۆیە نوێگەری لای ئێمە بریتی بووە لە دەرەنجامی خەباتکردنێکی بێوچان بۆ دۆزینەوەی شوناس. واتە نوێگەری بریتی بووە لە خۆڕزگارکردن لە هەژموونی ئەویتر و گەڕانەوە بۆ خود، لەکاتێکدا نوێگەری خۆراوا دژە شوناس کاری کردووە بۆ راگەیاندنی جیاوازییەکان لە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکاندا، وەک ئەوەی دێریدا کردی.

لەسەر ئاستی سۆسیالیش نوێگەریی ئێمە بەدرێژایی سەدەی بیستەم و بەئێستاشەوە، گەر هەر پرسێکی نوێگەری خرابێتەڕوو، هەمیشە گرێدراوی هیوایەکی ئایدیۆلۆگی بووە بۆ گۆڕینی دۆخی چینایەتی و کۆمەڵایەتی، نەک ئیتیکێکی وجودییانە بووبێت بۆ رۆشنکردنەوە و ئازادکردنی تاک. لێرەوەیە کاتێک ئەدیب و هونەرمەندی ئێمە وەکو نوێگەر دەردەکەوێت، رێک و راست، دەبێت وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ و ریالیست نوێنەرایەتی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بکات. ئەگەر بشێت لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەم کێماسیی نوێگەریی ئێمە رێک لەو خاڵەدایە کە کاری لە رێنیسانسکردنی ئیتیکی تاکەکەسدا نەکردووە، تەنیا بە پەیدابوونی حاڵەتێکی کزی دوای راپەڕین لە کۆششە سەرەتاییەکانی گۆڤاری ( ئازادی و بوون) دا هەندێک ئەدگارەکانی ئەو ئیتیکە تاگەرە دەستپێدەکات.

ئاوەها نوێ لای ئێمە، ئەگەر بەدی هاتبێت، ئەوا هەمیشە بریتی بووە لە دەرەنجامی هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆگی و جیهانبینییەکی سیاسی، نەک دەرەنجامی پێکدادانی رۆشنگەر (ئەدیب و هونەرمەند) لەگەڵ سیستەمی بەهاکاندا. نوێ لای ئێمە نەیتوانیوە نرخەکان بنرخێنێتەوە، بەهاکان دووبارە هەڵبسەنگێنێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر داخوازی بەجێهێشتنی دۆخێکیشی کردبێت، ئەوا ئەڵتەرناتیڤێکی ریالیستانەی لەهەگبەدا نەبووە. بۆ نموونە مارکس بە رەخنەی لە کاپیتاڵیزم، داوای گەڕانەوەی بۆ قۆناغی کۆمۆنە دەکرد، نیتچە بە رەخنەی لەو مۆدێرنە عەقلانییە ژیانکوژە، راڤەی بۆ گەڕانەوەی هونەری ژیاندۆستیی جیهانی گریک دەکرد. ئیدی نوێ لای ئێمە دەبێتە داواکارییەکی ئایدیۆلۆگی رووتی دەستەبژێرێکی خوێنەوار بۆ کۆلێکتیڤێکی نەخوێنەوار و ژێردەستە، لە دنیای ئێمەدا هەڵگرەکان و زمانحاڵەکانی نوێگەری چ گوتارێکی ئەڵتەرناتیڤیان لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی خۆراوا کردوویەتییە مۆدێلێکی گلۆباڵ. ئەمەش لەبەرئەوەی نوێگەریی ئێمە تەنیا بەرخوردی لەگەڵ (دیار و رووکەش)دا کردووە نەک لەگەڵ (نادیار و قووڵایی). لەکاتێکدا نوێگەری بریتییە لە دەستکاریکردن و لە گۆڕینی (نادیار و نائامادە)ی ناو حەشارگەکانی هەر کولتوورێک. لێرەدا نابێت ئاماژە بەو وەرچەرخانە بنەکولتوورییە نەدەین، کاتێک مەولانای نەقشبەندی ویستوویەتی لەناو کولتوورێکدا بنەکولتوورێکی تر، لەناو ئاینێکدا ئاینزایەکی تر دابهێنێ، شتێک کە تەواو دەیتوانی ببێتە رێنیسانێکی رۆحیی گرنگ. بایەخی ئەم نوێگەرییەی مەولانا لەوەدابوو کە هەم پاشخانی لەپشتەوە بوو، هەم پێشخانی لەبەردەمداهەبوو، شتێک کە هیچ نوێگەرییەکی تری کوردی شکی نەبردووە. چونکە نوێگەری رووداوێک نییە لە ئاسمانەوە داباریتە سەر زەوی و کولتوورێک، بەڵکو رووداوێکە لە هەناوی پێشینەیەکی نەریتییەوە دەردەپەڕێت. نوێ کاتێک نوێیە کە لەنێوبەندییەکی "کۆن"ەوە هاتبێتە دەرەوە. مەرج نییە سروشتی "کۆن" ئەوە بێت کە هەر بە کۆنی دەبێت بمێنێتەوە و بژی، بەپێچەوانەوە زۆرینەی کۆنەکان بۆ ئەوە هەن کە سەرلەنوێ بنرخێنرێنەوە، لێرەوەیە مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنە بەدوای یەکتریدا دێن. کەواتە هەموو هەنگاوێکی نوێگەر لە خاڵێکی کۆنترەوە دەهاوێژرێت. هەموو بەهایەکی نوێ لە بەها کۆنەکەوە ژیانی وەردەگرێت. نیتچە هەر زوو ئەو وانەیەی دادایین، کەوا بۆ دروستکردنی پەرستگایەکی نوێ، دەبێت کۆنەکە برووخێنین.

بۆیە هەموو پرسیارکردنێک لە "نوێ" پرسیارکردنە لە "بەها"، کەواتە با بپرسین ئێمە بۆچی بەهای کۆنمان چیتر ناوێت و هی تازە دەخوازین؟ ئایا لەبەرئەوەی بەها کۆنەکە درۆیە و نوێیەکە راستییەکەیە؟

لە بەشی داهاتوودا شوێن ئەو پرسیارانە دەکەوین.

# تێسیوس و بەنەکەی ئاریان

## گێڕانەوەی فەلسەفی لە ئوستوورەکانی یۆنانی کەونارا

میشێل پیکماڵ

وەرگێڕانی: کیشوەر پیرۆتی

یۆنانییەکان بێجگە لە خوداکانیان، کۆمەڵێک پاڵەوانیشیان هەبوو. لە نێو پاڵەوانەکاندا تێسیوس (Theseus) پێگەیەکی تایبەتی هەیە. سەبارەت بەوەی چ جۆرە کەسایەتییەکی هەبووە، دەبێ هەر کەسە و بۆچوونی خۆی بڵێت. ژیانی ئەو، داستانی پاڵەوانێتییەکی گەورە بوو.

باوکی، ئێژە، شای ئەسینا بوو. ئێژە کە زۆر لە پیلان دەترسا، تێسیوسی هەر بە ساوایی بە دایکی ئەسپارد، تا بە ئاسوودەیی گەورە و پەروەردەی بکات. سەرباری ئەوەش، ئێژە بەر لەوەی ترۆێزن (Troezen) بەجێبێڵێ، بۆ مشووری پاشەڕۆژ، شمشێرێکی زیوینی لە کونێکی ژێر بەردێکی گەورەدا شاردەوە و بە هاوسەرەکەی گوت: "کاتێک کوڕەکەم ئەوەندە گەورە بوو کە بتوانێ ئەم بەردە هەڵبێنێت، دەبێ شمشێرەکەم هەڵگرێت و بێتە لای من لە ئەسینا".

تێسیوس کە تازە کەوتبووە هەرەتی مێرمنداڵییەوە، بە ئاسانی گاشەبەردە قورسەکەی هەڵێنا. باپیرەی پێشنیاری بۆ کرد، بە کەشتی بچێت بۆ ئەسینا، چونکە لە رێگای وشکانییەوە تووشی هێرش و پەلاماری چەتەکان دەبێت. تێسیوس ئەو کارەی پێ ئابڕووچوون بوو، وای پێ باشتر بوو لەڕێی وشکانییەوە بڕوات. لەو سەفەرەدا وڵاتی یۆنانی لەو هەموو چەتە و رێگرە پاککردەوە. چەتەکانی لە حەشارگەکانیان هێنایەدەرێ و هەموویانی کوشت. بەناوبانگترینیان پرۆکۆست بوو، قێزەونترین رەفتاری ئەوە بوو کە ئەو بێگانانەی دەیگرتن، بە تەختەیەکەوە دەیبەستنەوە و بالایانی بە درێژایی تەختەکە دەگرت، ئەگەر لە تەختەکە درێژتر بووایەن، دەیبڕینەوە، ئەگەریش کورتتر بووایەن، زنجیرێکی تێ دەبەستن و دەیکێشان تاکو درێژ ببنەوە. تێسیوس هەر بەو شێوازەی خۆی سزای دا و بە بڕینەوە کورتی کردەوە.

دیارە کە گەیشتە ئەسینا، باس باسی شاکارەکانی ئەو بوو، هەرچەندە کەس نەیدەناسی و ناویان نەدەزانی. پادشا ئێژە بە ئەرکی خۆی زانی بۆ میواندارییەک بانگهێشتی بکات.

بەڵام میدیا (Medea) ی جادووباز کە لە چەند ساڵ پێشترەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پادشا هەبوو، لە ترسی ئەوەی نەکا ئەو کوڕە تازەهاتووە لە کۆشک دەریبکات و جێی پێ لێژ بکات، پادشای رازی کرد بەوەی ئەو کوڕە ژەهرخوارد بکات، چونکە ئەگەری ئەوە لەگۆڕێ بوو مەیلی بەدەستهێنانی تاج و تەخت لە سەری بدات.

لە کاتی میواندارییەکەدا کە بە شانازیی کوڕە لاوەکە بەڕێوەدەچوو، میدیا کووپێکی ژەهراویی بۆ راگرت، هەر کە تێسیوس هەستا، ئێژە کەمەربەند و شمشێرە زیوینەکەی ناسییەوە و خێرا کووپەکەی وەرگێڕا و رشتی. ئەو، کوڕەکەی خۆی ناسییەوە و میدیاش ناچار بوو لە دەستی ئێژە رابکات و بڕوات بۆ شوێنێکی دوور.

سەرباری ئەوانە، بارودۆخی ئەو وڵاتە بەگوێرەی مراد نەبوو. تێسیوس لە کاتێکدا هاتبوو بۆ ئەسینا کە شارەکە لەبەرەو کەوتبوو، دەبوو باجێکی قورس بە مینۆسی پادشای کریت بدات. چونکە ئەسینا لە شەڕدا شکستی خواردبوو، دەبوو هەموو ساڵێک حەوت کوڕ و حەوت کچی لاو بدات بە مینۆس کە دەیانبردن بۆ کریت و لەوێ دەبوونە خۆراکی ئەو دێوە نیمچەمرۆڤ ـ نیمچەگایەی ناوی مینۆتۆرس بوو.

ئەو بوونەوەرە ترسناکەیان بە پارێزەوە کردبووە نێو دالانێکی تووناوتوون. ئەو بوونەوەرە لە ئەنجامی تۆڵەسەندنەوەی یەکێک لە خوداکاندا تووشی ئەو بارودۆخە ببوو. لە رابردوودا پۆسایدن گایەکی سپیی دابوو بە مینۆس، تا بۆی بکات بە قوربانی. بەڵام مینۆس کەمتەرخەمیی کرد و گایەکەی راگرت. پۆسایدنیش تووڕەبوو، ژنی مینۆسی شەیدای ئەو ئاژەڵە کرد و لە پێوەندیی ئەو دووانە ئەو دێوە دزێوە پەیدابوو.

کاتێک تێسیوس لە ئێش و ئازاری خەڵکی ئەسینا ئاگادار بوووەوە، سوێندی خوارد کە لەچنگ ئەو بەڵایە رزگاریان بکات و مینۆتۆرس بکوژێت. هەربۆیە بە دڵێکی ئاسوودەوە داوای کرد، یەکێک بێت لەو حەوت کوڕە لاوەی بە دیاری دەدرێن بە کریت.

باوکی زۆری هەوڵ دا ئەو هەوایە لە سەری



ئەدەب و کۆمەڵگا

# خوێندنەوەی رۆمان وەك هەوڵێك بۆ بینینی نەبینراوەكان



شاخەوان سدیق



ئەوکاتەی لە ئیسرائیل هارۆکی مۆراکامی بە چەپڵەڕێزان بانگێشتی سەر ستەیج کرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی (قودس)، رووی کردە ئامادەبووان و ئاوا دەستی بە گوتارەکەی کرد: " لە زۆربەی زۆری رۆژەکانی ژیانم، خەریکی درۆکردن و درۆ نووسینم، لیگەڕێن ئەمڕۆ بە راستگۆیی لێرەوە بۆتان بدوێم. ئێوە دەزانن رۆماننووس واتە درۆچنێکی بە سەلیقە. بەڵێ، بەلام بێگومان ئەوە تەنیا رۆماننووسەکان نین کە درۆ دەکەن، هەمووان دەزانین سیاسییەکانیش درۆ دەکەن. هەروەها دیبلۆماتکار و کەسە سەربازییەکانیش درۆی تایبەت بەخۆیان هەیە. هەروەها ئەوانەش کە ئۆتۆمبیلی بەکارهێنراو دەفرۆشن و لەحیمچی و وەستاکانیش درۆی تایبەتی خۆیان هەیە. بەلام درۆی رۆماننووسەکان لەوەی ئەوانی دی ناچێ. چونکە هیچ کەسێک رەخنەی ئاکاریانەی ئەوە لە رۆماننووسەکان ناگرێت کە درۆ دەکات. بەڵکو چەند درۆکەی گەورەتر و باشتربێت هێندە داهێنەرانەتر دایدەڕێژێت و هێندەش گریمانەی ئەوە بەرزتر دەبێتەوە کە خەڵک بەگشتی و رەخنەگران بەتایبەتی ستایشی بکەن".

ئەم قسانەی مۆراکامی دەکرێت لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ تێگەیشتن لە دونیا و پەیامی گرنگی ئەدەب پەیوەست بە ژیان و کۆمەڵگاوە لێی بڕوانین، چونکە راستە بەشێکی گەورەی ئەدەب لەسەر خەیاڵ و فەنتازیا بنیاتنراوە، بەلام ئەوە ئەدەبە، جیاواز لە واقیع دیوێکی تری کۆمەڵگا پیشانی هەمووان دەدات و ئەوەی لەڕاستیدا هەستی پێناکەین، ئەو وردتر و جوانتر پیشانمان دەداتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە پێیوایە ئەدەب بەوپێیەی پێکهاتەی سەرەکی فەنتازیایە، هیچ سوودێکی بۆ ژیانی واقیع نییە، بەلام (بۆرخیس) واتەنی "لەڕاستیدا ئەدەب ڕێگایەکە بۆ زیاتر هاتنەناوەوەی ژیان"، ئێمەش لەگەڵ هەمان بۆچووندایین کە بەشێکی گەورەی ئەدەب لەسەر خەیاڵ بنیاتنراوە و نووسەرەکان لە ڕێگەی فەنتازیاوە چیرۆکەکانی ژیان دەگێڕنەوە، دەربارەی ئەم بابەتە (ئارام کاکەی فەلاح) لە رۆمانی (شەربەتي ترس)دا سەرنجێکی ئێجگار جوانی هەیە دەڵێت: "رۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی هەمووی خەیاڵ و درۆیە، بەلام ئەوەی جوانە کە هەموو درۆکانی راستن، مرۆڤ لەناو درۆکانی رۆماندا راستگۆترە وەک لە راستییەکانی دەرەوە، درۆکانی ناو رۆمان جوانن و دونیا جوان دەکەن، بەلام درۆکانی دەرەوە دونیایان شێواندووە".

ئێستا لە تێگەیشتن لەم بۆچوونانەوە دەگەینە ئەو راستییەی کە ئەدەب نەک هەر خاوەن ئەفسوونێکی گەورەیە، بەڵکو بۆ ژیانی مرۆڤ و بینینی دیوی شاراوە و نەبینراوی تاک و کۆمەڵگا یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکییەکان، چونکە لە ئەدەبدا هەموو دەنگە نەبیستراوەکان دەبیسترێن و هەموو نەگوتراوەکان ڕێگە دەدرێت بگوترێن. من بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە رۆمانی (شەربەتي ترس) کە دوا بەرهەمی بڵاوبووەوەی نووسەر و چیرۆکنووس (ئارام کاکەی فەلاح)ـە، وەک نموونە وەردەگرم و هەوڵدەدەم لە ژێر رۆشنایی ئەو پێشەکییەی لە سەرەوە باسمانکرد، کەمێک ئەم رۆمانە بناسێنم.

### شەربەتي ترس، چیرۆک و ناوەڕۆک

ئەم رۆمانە دوایین بەرهەمی بڵاوکراوەی نووسەر و چیرۆکنووس (ئارام کاکەی فەلاح)ـە کە لەلایەن ناوەندی رەهەند لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. رۆمانەکە لە (137) لاپەڕەدایە و وەک تەکنیکی کارەکە، نووسەر بۆ (22) بەش دابەشی کردووە. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خوێنەر تا ماندوو نەبێت لە خوێندنەوە و بە ئاسانی بەش دوای بەشی رۆمانەکە بخوێنێتەوە.

چیرۆکی ئەم رۆمانە گێڕانەوەی بەسەرهاتی دوو خێزان و دوو کچی یەکێک لە شارەکانی هەرێمی کوردستانە کە یەکێکیان بەناوی (نازەنین)، بەهۆی نەمانی خێزانەکەیەوە بە منداڵی دەچێتە هەندەران و پاش تەواوکردنی کۆلێژی پزیشکیی تایبەت بە منداڵبوون، دێتەوە شارەکەی خۆی و نۆڕینگەیەک دەکاتەوە. لە هەمانکاتدا بەشێکی تایبەت و نهێنیش بۆ لەباربردنی منداڵ بۆ ئەو ژنانە تەرخان دەکات کە ئارەزووی منداڵبوون، یان لەدایکبوونی منداڵی زیاتر ناکەن. کچی دووەمیشیان بەناوی (مەحبووبەی نازدار) کە تاقانەی خێزانەکەیەتی وەک کچ و خاوەنی سێ برایە، براکانی پاش مردنی باوکیان دەبنە بەڵا بۆ خوشکەکەیان و بەردەوام ئازاری دەدەن، ئەم کچە بەهۆی ناپاکیی خۆشەویستەکەیەوە و لە یەکێک لە ژوانەکانیاندا، بەهۆی خواردنەوەی شەربەتێکەوە بێهۆش دەکرێت و دواتر لاقە دەکرێ و سەرەنجام دووگیان دەبێت و بەناچاری لە دەست براکانی هەڵدێت، ناونیشانی رۆمانەکەش بەناوی ئەو (شەربەت)ـەوە ناونراوە کە کچەکە دەیخواتەوە. دواتر کچی دووەم کە دکتۆرەکەیە، پاش ئازار و مەینەتیی زۆر دەنێرێتە دەرەوەی وڵات و براکانی کچەکەش بەتۆمەتی پیاوکوشتن دەگیرێن و سزا دەدرێن. ئەگەرچی ئەمە تەنیا کورتەیەک لە چیرۆکەکەیە و چێژی راستەقینە لە خوێندنەوە و وردەکاریی رووداوەکانی ناویدایە. بۆیە خۆتان رۆمانەکە بخوێننەوە.

### شەربەتي ترس رۆمانێک نزیک لە واقیع

هەمیشە کە رۆمانێک یان چیرۆکێک دەخوێنینەوە، بێ ویستی خۆمان وێنەی کارەکتەر و شوێنی رووداوەکانی دێنینە بەرچاومان، (بێگومان لێرەدا مەبەستم لە خوێندنەوەی رۆمانی نووسەرانی کوردە)، چونکە هەمیشە وا فێرکراوین لەناو خەیاڵ و فەنتازیاشدا بەدوای ریشەکانی واقیعدا بگەڕێین، تا بزانین فلان کارەکتەر لە کێ دەچێت و فەلانە شوێنی ناو رۆمانەکە دەکەوێتە کام گەڕەکی شارەوە، ئەم دیدە ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە شێوازی گێڕانەوەی نووسەر و هەڵبژاردنی تێمای چیرۆکەکەیەوە هەبێت، ئەوا بەشێکی پەیوەندی بە باش نەخوێندنەوەی ئێمەوە بۆ تێکست هەیە، (میلان کۆندێرا) دەڵێت: " فیگۆری رۆمان وێنەی ناوەوەی هیچ بوونەوەرێکی زیندوو نییە، بەڵکو تەواو خەیاڵییە"، بۆیە چیرۆکی هەر تێکستێک چەند ئاشنابێت بە ئێمە، هێشتا هەر رووداوە راستییەکە نییە و دەبێت ئێمە سەرەتا وەک رۆمان و تێکست و فەنتازیا لێی بڕوانین، نەک هیچ شتێکی دیکە. چونکە ئەوەی دەیخوێنینەوە، پێش هەموو شتێک رۆمانە نەک واقیع. (بەختیار عەلی) دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت: "شوبهاندنی کارەکتەرەکانی رۆمان بە فیگەری واقیعی، پتر ئەزموونی خوێنەرە تا ئەوەی ئەزموونی نووسەر بێت. کەسە واقیعییەکان وەک شتی نەبینراو و شاراوە دەردەکەون و دەژین تا لەناو چیرۆکدا یەکێک دەدۆزینەوە لەوان دەچێت".

لە رۆمانی (شەربەتی ترس)دا بەر چیرۆکێک دەکەوین کە تا رادەیەک رووداوەکەی نزیکە لە واقیعەوە، شوێنی رووداوەکانی ئاشنان و یەکێکە لە بەسەرهاتە تراژیدیە زیندووەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە کە بە درێژایی ساڵانی رابوردوو چەندین چیرۆکی وا لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا روویانداوە و بەردەوامیش ئەگەرەکانی دووبارەبوونەوە و روودانیان هێشتا ئەگەری زیندوون. ئەم رۆمانە ئەگەرچی ئیشکردنە لەناو پانتایی فەنتازیادا، بەلام دەستبردنە بۆ قسەکردن و پیشاندانی ئازارێک لە ئازارە شاراوەکانی کۆمەڵگای ئێمە، بە بڕوای من نووسەر شارەزایانە جگە لە دەرخستنی ئازارەکە و دەستخستنە سەر برینەکە، توانیویەتی دیوی دووەمی بکەر و هۆکارەکانی ئازارەکە ئاشکرا بکات و لە پاڵ پیشاندانی هەموو ناشیرینی و دڕندەیی و پیاوسالاریی کۆمەڵگای کوردیدا، میهرەبانی و جوانبینیی بەشێکی دیکەی مرۆڤی هەمان کۆمەڵگامان پیشانبداتەوە و پێمانبڵێت، هەرچەندە هەوڵی ناشیرینکردن و نەمانمان بدەن، هێشتا کەسانێک هەن کە دەیانەوێت جوانی و میهرەبانی و سۆز بۆ ئەم کۆمەڵگایە بگێڕنەوە.

### زمانی سادە و دیدی نوێ لە رۆمانی شەربەتی ترس- دا

کاتێک ئەم رۆمانە دەخوێنیتەوە، زیاتر بەر چیرۆکێکی واقیعی دەکەویت تا فەنتازی، بەجۆرێک هەست دەکەیت بەسەرهاتی کەسێکە دەیەوێت لە رێگای ئەم رۆمانەوە بۆ هەمووانی بگێڕێتەوە، ئەوەش کە یارمەتی ئەم شێوازە لە گێڕانەوە دەدات، بوونی ئەو زمانە سادەیە لە نێوان کارەکتەرەکاندا کە بێ هیچ زۆرلەخۆکردنێک خۆیان چۆنن ئاوا گفتوگۆ دەکەن، بۆیە کاتێک خوێنەر دیالۆگەکان دەخوێنێتەوە، بەر گفتوگۆی کچێکی سادە و دکتۆرێک دەکەوێت نەک دوو کەسی تایبەت و جیاواز کە هەردووکیان وەک یەک بدوێن، بلۆتی رۆمانەکە لەلایەن چەند کارەکتەرێکەوە دەگێڕدرێتەوە، واتە فرە گێڕەرەوەیە و هەریەکە لە (مەحبووبەی نازدار و دکتۆرە نازەنین) بەشێکی چیرۆکەکە دەگێڕنەوە، ئەوەی نوێ و تازەیە لەم رۆمانەدا، گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کچەیە. کاتێک دکتۆرە نازەنین چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، هێندە جوان باسی رووداوەکان دەکات (مەحبووبەی نازدار) دەڵێ: "دکتۆرە تۆ دەبووایە نووسەر بیت، چۆن نەبووی بە نووسەر؟" دکتۆرەش لە وەڵامدا بە دیدێکی نوێوە و وەک پزیشکێکی شارەزا دەڵێت: "نا من پێم خۆش بوو دکتۆرم و نووسەر نیم. نووسەربوون زەحمەتە، من دکتۆرم و لەناو نەخۆش و خوێن و نەشتەرگەرییەوە دێمە دەرەوە و هەوڵ دەدەم تا دەچمە لایان بیریان لێنەکەمەوە، بەلام نووسەران خوێن و نەگبەتیی نەخۆشی خۆیان و هەموو دونیا دێننە ژورەکەی خۆیانەوە و قەت ناتوانن ئەو خوێنە لە دڵ و مێشکیان دووربخەنەوە، ئێمە وەک دکتۆرێک بە گرفتێکەوە خەریکین کە گرفتی خۆمانە، بەلام نووسەران خەمی گرفتێک دەخۆن کە هی خۆیان نییە و بە زۆر بووە بە هی خۆیان. ئێمە نەخۆش دوای نەخۆش دڵمان پێیان خۆش دەبێ و چاکیان دەکەینەوە، بەلام نووسەران کتێب دوای کتێب خەمگینتر و تەنیاتر و پیرتر و دوودڵتر و بە خەم قورستر دەبن".

### چێژی خوێندنەوەی ئەم رۆمانە لە کوێدایە؟

(پۆڵ ئۆستەر)ی رۆماننووس دەڵێ: "چیرۆک تەنیا لەوانە روودەدات کە دەتوانن بیگێڕنەوە". نووسەری ئەم رۆمانەش یەکێک لەو چیرۆکنووسانەی دونیای ئەدەبیی ئێمەیە کە بێئەنداز توانای جوانگێڕانەوەی چیرۆکی هەیە و کاتێک بەرهەمێکی دەخوێنیتەوە، بەر زمانێکی سادە، بەلام قووڵ و پڕمانا لە گێڕانەوەسازی دەکەویت. هەربۆیە کاتێک ئەم رۆمانە دەخوێنیتەوە، بەتەنیا بەر گێڕانەوە و خوێندنەوەی بەسەرهاتێک ناکەویت و بەس، بەڵکو دەکەویتە ناو بیرکردنەوە لەو هەموو دژبەیەکیەی لەناو ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا هەیە، کە رەنگە ئەوە هەر لە توانای ئەدەبی راستەقینەدا بێت ببینێ و بیگێڕێتەوە. ئەم رۆمانە ئیشکردنە لەسەر (پیاوسالاری، دڵڕەقی، نەبوونی ویژدان، ئازار، وەک مرۆڤ تەماشانەکردنی مێینە، تاوان، فریودان، قوربانی، لەباربردنی منداڵ، لە هەمووی خراپتر گومان لە نەبوون و سەروەرنەبوونی یاسا)، ئەم رۆمانە راستە تەوەرە سەرەکییەکانی لەم بازنانەدا دەخولێتەوە و مەبەستیەتی لەم دیاردانە ئاگادارمان بکاتەوە، بەلام لە پاڵ ئازار و نەهامەتی و رەشبینیدا ئیش لەسەر (جوانی، میهرەبانی، خۆنەویستی، بوێری، راستگۆیی و مرۆڤدۆستی) دەکات. چێژی خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، چێژی ئاشنابوونە بە زمانی سادەی بێگرێ و ئاشنابوونە بە جواننووسین، هەر ئەمەش لایەنی گرنگی ئەم رۆمانەیە و ناچارمان دەکات بیخوێنینەوە.

**بۆ ئەم نووسینە سوودم لەم کتێبانە بینیوە:**
**- تەلیسمی گێڕانەوە - هارۆکی موراکامی - وەرگێڕانی: کامیل محەممەد قەرەداغی**
**- رۆمان و ژیاننامە- حەمەسەعید حەسەن**
**- خۆرهەڵات و لەبیرکراوەکانی- دەربارەی رۆمانی دەریاس و لاشەکان**

---

دەربکات، بەلام بێسوود بوو. تێسیوس دەیەویست بیسەلمێنێ، خۆی ئەو پاڵەوانە مەزنەیە کە خەڵکی ئەسینا چاوەڕێی بوون.

بۆیە ئێژە ناچار بوو ئیزنی بدات سواری کەشتییەکە بێت. بایەوانە رەشەکانی کەشتییەکە وەک هێمای تازیەباری هەڵدرابوون. ئێژە بەر لەوەی لە کوڕەکەی جیابێتەوە، بوخچەیەک بایەوانی سپیی پێدا و گوتی: ''کوڕم، ئەگەر بە سەرکەوتوویی گەڕایتەوە، بە هەڵواسینی ئەم بایەوانە سپییانە ئاگادارم بکەرەوە. من هەموو رۆژێک لە کەناری دەریاکە دەبم، بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەدا بتبینم''.

تێسیوس بەڵێنی پێدا.

وا باو بوو کاتێک لاوە قوربانیانییەکان دەگەیشتنە کریت، دەیانبردن بۆ کۆشک، تا لە دوایین رۆژی ژیانیاندا شاد و کامەران بن. لە کۆشک هەر کە ئاریانی کچی مینۆس چاوی بە تێسیوس کەوت، دڵێک نا، بە سەد دڵ ئاشقی بوو. ئەو، لەوە دلنیا نەبوو کە تێسیوس بتوانێ بەسەر مینۆتۆرسدا زاڵ بێت، هەربۆیە لە دڵی خۆیدا پرسی: ئەم لاوە، چۆن دەتوانێ لەو دالانە هەزاربەهەزارە بێتە دەرێ؟ بێگومان لەنێو ئەو دالانە بێسەروبنەدا سەری لێ دەشێوێ و لەوێدا دەمێنێتەوە، تا سەرەنجام دەمرێ. ئاریان هەرچەندەی بیری کردەوە، هیچ وەڵامێکی نەدۆزییەوە.

لەبەر ئەوە، چووە سۆراخی دێدالۆس، دروستکەری ئەو توناوتوونە هەزاربەهەزارە و داوای لێکرد ڕێگایەکی پێشان بدات، بەڵکو بتوانێ تێسیوس لەوێ بێنێتە دەرەوە. دێدالۆس وا کەوتبووە ژێر کاریگەریی هرووژان و دڵەڕاوکەی ئاریانەوە، داواکەی پەژراند. ئەو، گلۆڵەبەنێکی دا بە ئاریان و گوتی: ''تێسیوس دەبێ سەری ئەم بەنە بە دەرگای چوونەژوورەوەی دالانە هەزاربەهەزارەکەوە گرێ بدات و هێندەی کە بە دالانەکەدا دەڕوات گلۆڵەکە بکاتەوە. لە گەڕانەوەشدا هەر ئەوەندەی دەوێت کە دەست بە بەنەکەوە بگرێت و پێیدا بگەڕێتەوە.''

ئاریان لەخۆشییان هۆشی لێ بڕا. چوو بەدوای تێسیوسدا و بەڵێنی لێ وەرگرت کە ئەگەر نهێنیی ئەو هەزاربەهەزارەی پێبڵێت، تێسیوس ئامادە بێت زەماوەندی لەگەڵ بکات. تێسیوس قبووڵی کرد. سەری بەنەکەی لە کەمەربەندەکەی بەست و چووە نێو توناوتوونەکەوە.

ئەو، بە سەرگەردانی بەنێو ئەو هەزاربەهەزارە تاریکەدا ڕۆیشت تا گەیشتە ئەو بوونەوەرە. مینۆتۆرس خەوتبوو. بە شمشێرەکەی، مینۆتۆرسی بە زەوییەوە دووری. پاشان لە شەڕێکی قورس و ترسناکدا هەر بە مشت کوڵەی کوتا. ئیتر هەر ئەوە مابوو بە شوێن بەنەکەی ئاریاندا بگەڕێتەوە تا لەو هەزاربەهەزارە دەرچێت.

کە دەرچوو، بەڵێنەکەی نەشکاند. بەرلەوەی سواری کەشتییەکە بێت، لە تاریکیی شەودا شازادەی لە کۆشک رفاند، بەلام بەدەم سەفەرەکەیانەوە لە دەریادا ئاریان تووشی دەریابردوویی بوو. لەبەر ئەوە، ناچار بوون چەند سەعاتێک لە دوڕگەی ناکسۆس بوەستن، شازادە ئاریان چووە سەر وشکانی، بەلام تازە پێی نابووە سەر وشکانی، یەکێک لە خودا تۆڵەستێنەرەکانی مینۆتۆرس بە هەڵکردنی تۆفانێک کەشتییەکەی بەرەو دەریا دوورخستەوە. ئاریان چووە سەر گاشەبەردێک و راوەستا. بە نائومێدییەوە باوەشی ئاوەڵا کرد و هەر لەو کاتەدا بە بەرچاوی تێسیوسەوە شەپۆلێک هات و لەگەڵ خۆی بردی.

تێسیوس یەکجار تووڕە بوو. ئیتر تێسیوسەکەی جاران نەما. بەدەم ئازارەوە دەینالاند و خۆی لە سووچێکی خەڵوەت پەستا. تەنانەت لەبیری چوو بایەوانی کەشتییەکە بگۆڕێت.

رووداوە شوومەکان یەک بەدوای یەکدا هاتن. ئێژە کە لە نزیک هەڵدێرە گاشەیەکەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی کوڕەکەی بوو، کەشتییەکەی بە بایەوانە رەشەکانەوە دیت و وایزانی کوڕەکەی لەنێو چووە. لەتاوی ئەو پەژارە قورسە خۆی فڕێدایە نێو دەریاکەوە. ئەو دەریایەی بە ناوی ئەوەوە، ناوی لێ نراوە ئێژە.

تێسیوس هەرچەندە ئەوەی بەدڵ نەبوو، کەچی بەپێچەوانەی خواستی خۆی بوو بە پادشا. بەلام ئەو گشتە ڕووداو و نەدامەتییە تێسیوسیان گۆڕیبوو. تێسیوسی سەربەگۆبەند، ببوو بە کەسێکی ژیر و هۆشمەند. بە ڕەچاوکردنی دادپەروەری وڵاتەکەی بەڕێوە دەبرد و دەسەڵاتی خستە بەردەستی هەمووان و سەرەنجام حکوومەتی پادشایی کرد بە حکوومەتی خەڵک. تەنانەت ئەنجومەنێکی پێکهێنا کە تەواوی خەڵک دەیانتوانی تێیدا بەشدار بن و دەنگ بدەن. ئەوە ئەو شتەیە کە ئێستا پێی دەڵێن دیموکراسی.

### شرۆڤەی فەلسەفی

تێسیوس نموونەی پاڵەوانی یۆنانییە. کە گەیشتە ئەسینا، بارودۆخ خراپ و ئاڵۆز بوو. ئەو وڵاتی لە شەڕی ڕێگران رزگار کرد. ئەو دێوەی خەڵکی دەخوارد، بە دەستی ئەو کوژرا. لە ئەنجامدا حکوومەتێکی بۆ وڵاتەکەی پێکهێنا کە لەسەر بنەمای یەکسانیی گشتی بوو: یانی حکوومەتی خەڵک بەسەر خەڵکدا. کەواتە دەتوانین بڵێین تێسیوس نموونەی پاڵەوانێکی بەدیهێنەری شارستانێتییە. لەبەر ئەوەیە کە لە ئەسینا دەڵێن: ''بەبێ تێسیوس، هیچ شتێک نییە!''

هێندێک دەڵێن دیونیسوس داوای لە تێسیوس کردووە لە دوورگەی ناکسۆس، ئاریان بەجێبێڵێت، چونکە ئەو، ئاشقی ببوو. هەر کە کەشتییەکە وەڕێکەوت، دیونیسوس بە مەبەستی ئەوەی زەماوەندی لەگەڵ بکات، وەدوای کەوت.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا تێسیوس ئاریانی بەجێهێشت، چونکە خۆشینەدەویست و ئیدی پێویستیشی پێی نەبوو. من ئەو گێڕانەوەیەم پێ خۆشە کە دەڵێ، لەبەر تۆفان ناچار بوو بەجێیبێڵێت، چونکە پۆساێدن تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. بەم شێوەیە دەیسەلمێنێ کە بەهۆی کوشتنی مینۆتۆرسەوە لە تێسیوس خۆشنەبووە.

**سەرچاوە:**

**حکایت‌های فلسفی (اسطوره‌های یونان باستان)، میشل پیکمال، ترجمه‌ی مهدی ضرغامیان، نشر آفرینگان، چاپ اول ۱۳۹۱، تهران.**



# خەونە زڕەکانی فەرمانبەرێک

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی (*)



ڕێک و راست پەنجاویەک ساڵ لەمەوبەر، ساڵەکەی رووی لە کۆتایی بوو، دەسەڵات و دارودەستەی لەنێو شار و چەند قەزایەکدا قەتیس بوون، ئەویش تەنیا بە ڕۆژ، نائارامی و رووداوەکانی رۆژ و شەپۆلە گێژدراوەکانی (وتی وتی و دەڵێن دەڵێن) مێشکی خەڵکی شاریان کردبووە هاتوهاوار و قرەقرى مەیدانی ماستەکە، دەرگای درۆ و بەڵێنی ساختە ئاوەڵا بوو، بەڵام خۆ خەڵکی دەیانتوانی راست لە ناڕاست جوێ بکەنەوە. رەش و سپی وەک خۆیان ببینن .... لەو نێوەندەدا خۆڵەمێشی نەبوو.

دوانیوەڕۆ بوو، ساڵحی کوێخا قادر کە لەوەتەی بووەتە فەرمانبەر بە ساڵحەفەنی بانگ دەکرێ، لە فەرمانگەکەی هاتبووە دەر، چەناگە گۆشتنەکەی دابوو بەسەر غەبغەبەیدا و ئەویش وەک گونکە هەویرێکی هەڵهاتووی دەنواند. ورگیشی پێشخۆی دابوو، پانتۆڵەکەشی ئێستا نا ساتێکی دی دادەکەوێتە ناوگەڵی. شەکەتیی و ماندوویی لە روویدا باریان خستبوو. کە گەیشتە کۆڵانەکەی ئەوبەر، لە نێزیک مێرمنداڵێکی گوڵەبەڕۆژەفرۆش منی چاوکرد. بێ سەلام و بێ کەلام:

- دەڵێن حکومەت دەچێتەوە ئەوێکانێ.
- چۆن؟
- چاک .... دەیگرنەوە.
- ساڵحەفەنی چوونەوە ئەوێکانێ هێندە ئاسان نییە.
- بۆ ... کورد ئازا نییە؟

(- ئاخ گونم ... ئازابوونایە لەشاخ دەبوون)

(**) گوڵەبەڕۆژەفرۆشەکەی ئەولامانەوە وایگوت. ئەم روخساری شێوا، نێوچاوانی گرژ کرد و برۆکانی هاتنەوە یەک، بە حیددەتێکەوە:

- بێ ئەدەبی دەم بەرەڵلا ... بابڕۆین، ئەمە شوێنە لێی وەستاوین؟
- سەغڵەت مەبە، منداڵە و قسەی لێ ناگیرێ.

ساڵحەفەنی هێند پەرۆشی ئەو هەواڵە بوو، هەتا سلاو و چاک و چۆنیشی بیرنەمابوو، هەواڵەکە تینێکی تری دابوویە،

کە جیابووینەوە، دوای چەند هەنگاوێ ئاوڕێکی دایەوە:

- چییە؟ باوەڕ دەکەی بەدڵت نەبوو.

بەبزەیەکی ئاوێتە بە تەنکە لۆمەیەک سەرم لە ئاست بادا و گوتم:

- نارەحەت مەبە، کلکی وشتر دەگاتە عەرز، بەڵام ئەوەی دەیڵێی ئەستەمە.

ساڵحەفەنی تابڵێی پیاوێکی خۆشباوەڕ و زەریف، ساویلکە و ئاسۆی بیری سنووردار، وایدەزانی دنیا ومافیها هەرئەوەیە کە خۆیی تێدا دێ و دەچێ، پابەند بەو پرەنسیپانەی ئەوەی سەرووتری دڵۆپ دڵۆپ خەست و لینج دەیکردە مێشکی جەڕدراوی، بەکورتی عارەب گوتەنی (خلق لغیر زمانە) توانای تەتەڵەکردن و لەبێژنگدانی رووداو و پێشهاتەکانی نەبوو .... سەرباری ئەمانە هەمووی خۆی وا پیشاندەدا کە زرنگ و شتزان و هێند بەدیققەتە، لە پێچەکانی ژیاندا دەزانێ لەودیو چ باسە، زیاتر لەمەش وای دەزانی هێند بلیمەتە لە تاریکیدا کەوشی خۆی دەناسێتەوە.

دەنگۆی ئەوە هەبوو گوایە حەزی لێیە جێی بەڕێوەبەرەکەی بگرێتەوە، بۆ ئەمە هەوڵی ئاوکردنە ژێری ئەوی دەدا.

کە لێمپرسی گوتی:- بۆ نا، ئەی خۆ شایەریان نیم.

- دوور لە تۆ، خۆ تۆ شایەرێتی ناکەی، مەبەستی تۆ خزمەتە... وانییە؟

***

کە شەو دادەهات، تەنیا گڵۆپەکانی سەر جادەکان کزکز بۆ زەبوونیی شار دەگریان. گر و گرمەی بازۆکایەکیش ئەولاکەی تری رادەچڵەکاند و بۆ بەیانی کۆمەڵێ بەرەو سەیوان میوانێکی تریان بەڕێدەکرد.

ساڵحەفەنی لە فەرمانگەکە و لەتەک موراجیعەکاندا جددی و بەزەبت و ڕەبت، وەک پەروانە دەسووڕایەوە، بە حەسرەتی یەک لەو پێشەوایانەوە بوو کە لەو رۆژگارەدا ناویان لەسەر لاپەڕەکاندا باو بوو: چێ گیڤارا، میر سیهانۆکی کامبۆدچ، هۆشی مینە، ماوتسی تۆنگ و کیم ئیل سۆنگ.

- بۆ نا، ئەوانیش هەروەک ئێمەمانان نەبوون؟ ڕێگەی هەزار میل هەر بە هەنگاوی یەکەم دەستپێدەکات.

ئەم قسانە بۆ ئەم تینوتاوێکی باش بوون لەبۆ تەقەڵلای گەیشتن بە بەڕێوەبەرێتییەکەی. تابزانرێ ساڵحەفەنی سەردەمیانە بیردەکاتەوە.

دەمی ببووە پەڵاس، هەڵپەی قومێ ئاوی بوو، بەسەر ژنەکەیدا نەڕاندی:

- چی بوو، ئاوەکە نەهات؟... دروستی دەکەی؟
- واهات... ئەوەی پێناوێ کابرا.

چاوەکانی کردە دوو تیشکی ماخۆلان و ئاڕاستەی ژنەکەی کردن تابزانێ ئیدی ئەم هەر ئەوە نییە کە هەیە، ئەرکی زلتر وا لەپێشی. ژنەش پێکەنینێ گرتی و:

- هێشتا بیسمیللا ، جەنابی مدیر!!

جاروبار ئەم خواستی بەمدیربوونەی دەدا بەگوێی دۆست و هاوڕێیانیشیدا، بگرە کاری کردبووە سەر هەڵسوکەوت و ڕێکپۆشیشی. کەمدوو لەگەڵ هەندێک، کە پرسیارێکی لێ دەکرا کەمێ رادەما و چاوەکانی دەکردە نادیارێک و پاش کەمێ:

- ئمممم، دەبێ، شتی واش دەبێ و دوور نییە، بەڵام جارێ لە خۆمەوە ناتوانم هیچ بڵێم ... شتەکە لە ئەگەر و نەگەردایە.

بەم وەڵامە تەمومژاویە خاوەنپرسی هێندەی دی دەشڵەژاند، وای بۆ دەچوو ئەم پیاوە هەر ئەوە نییە کە هەیە، شتێکی ترە و بەڵام لەژێرەوە.

وەک دۆستێکی تایبەت کەم و زۆر شتی لا دەدرکاندم:

- چیت کرد بۆ بەڕێوەبەرییەکە؟
- وازم لێ هێنا... بە شتێکی ترەوە خەریکم.
- خێربێ، چییە؟
- دەبمە مدیر ناحیەی ئەوێکانێ، کە گیرایەوە.
- سەرەوخێر، جا ئەمە کەی؟
- وا خەریکن، هەر ئەوە ماوە حکومەت بجووڵێ.

کات خێرا تێدەپەڕی، دوو سێ مانگ بەسەر ئەمەدا رابورد، نە حکومەت جووڵا و ئەویش لە خەونەکانیا نوقوم بوو.

- بڕوا دەکەی سستن.
- شتەکە وا ئاسان نییە، هاکا جووڵان.... دەزانی هۆشی میننە قەڵای دیانبیان فووی بە چەند مانگ گرت؟
- ئاخر ئەمەش قوربانییەکی زۆری دەوێ، خەڵک و ئەوێکانێ بەو جووڵانە وێران دەبن، دێهاتەکان دەفەوتێن.

بە لێکدانەوەی ئەو ئەمانە گرنگ نەبوون، ئەمانە یەک لەو پێداویستیانەی بوونە مدیرییەکەیەتی لەوێکانێ.

- ئەم قسانە چییە؟ دەتەوێ ماسی بگری و قولەپێت تەڕ نەبێ؟
- ساڵحەفەنی ئەمە ماسیگرتن نییە... عەزیزم ئەمە ژیان و ماڵ و حاڵی ئەو خەڵکەیە کە لەپێناویاندا دەچنەوە.
- بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ قوربانیدان بە بەشێک لەپێناوی هەموودا.
- ساڵحەفەنی ئاغای لینین ئەمەی بۆ چوونەوە ئەوێکانێ نەگوتووە.

رۆژ دەهات و سەریەک دەکەوت، بە ئیما و لاقرتێکانی زۆر لە هاوڕێ و ناسیاوانی لەم تەماياریيەی ئاگادار بوون. لە فەرمانگەکەی، لە دواکەوتنی چایەکدا لەپێستی خۆی دەچووە دەر، بەسەر کارەسووڵی فەڕاشدا نەڕاندی کە پیاڵەکەی لەپێش دانا و چووەدەر، کارەسووڵ دەرگاکەی بەدووی خۆیدا راکێشا و لەبەر خۆیەوە:

- ( های بەکلکی خێوی، خۆ هێشتا نەڕێسراوە و نەپێچراوە شەققەی دێ)

توومەس کارەسووڵ خۆی خەڵکی ئەوێکانێ بوو، لەو بەندوباوەی ساڵحەفەنی حاڵی بوو.

*****

سەرلەئێوارەیەک بەرلەوەی لێم جیابێتەوە، بە حەسرەتێکی گلەیی ئاساوە گوتی:

- نازانم ئەمانە بەتەمای چین، بۆ ناجووڵێن، ئەم خەڵکە لەم چاوەڕوانیە بخەن؟

ساڵحەفەنی مەبەستی خەڵکەکە نەبوو، خۆی چاوەڕوان و پەرۆش بوو بۆئەوەی هەرچۆنێک بێ و بەکام شێوەبێ دەمی بگاتە هێشووە ترێکە. ئیدی لەوێکانێ، ئەوکات، با هەرچی بکە و مەکەیە لەدەست ئامیر لیواکەدا بێ، ئەم تەنیا وەک خۆی و هەر بۆخۆی و لەخۆیەوە بنیشێتە سەر کورسییەکی رەق و تەقی ناو کەلاوەی ئەوێکانێ.

چەند کۆشیم تێبگەیەنم با ئەم ئارەزوو و خەونە زڕە پڕ کێشەیەی وەلاخات، هەرنەبێ خەباتی خۆی بخاتە سەر خەونەکەی هەوەڵی، بەڕێوەبەریی فەرمانگەکەی خۆی، با هەشت بێ و لەمشت بێ نەک نۆ بێ و نەبێ.

کەچی ئەو لای وابوو مدیرییەکەی لەوێکانێ بواری خزمەتی زۆرتری هاتێدا!

*****

پیاو کە دەستبەرداری ئاوەزی خۆی بوو، لەڕووی سەرووترێکی ناشایستە لەخۆی داما، وەک ئەو حەکیمەی لێدێ کە بە خواستی دەردەدارەکە دەوا دەستنیشان دەکات نەک بەپێی دەردەکە.

ڕێک و راست ئەمە لە ساڵحەفەنی فەرمانبەری نفووس روویدابوو.

سەرتان نەیەشێنم، سێ مانگ بەسەر ئەو خەونە زڕانەدا رابورد، پەڵە هەورەکان لە ئاسمان رەویبوونەوە، گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر وایان هێنا ئەم لەو خەونە خۆشانەی راستبێتەوە و ئاواتەکانی وەک پووش و پەڵاشی دەم با بەبابچن.

پاش عەیامێ کە بینیمەوە، رەنگی بەڕووەوە نەمابوو، پیرەپیاوێ بوو بۆخۆی، خەریکی مامەڵەی خانەنشینییەکەی بوو.

- (*) شێوەکاریەکەی : نووسەر خۆی.
(**) ئەم دەستەواژەیە خوازراوە.

چیرۆک

# واهەمین دیالۆگ

بێهزاد قادری



هەموو شت لەو ژوورە تەنگ و بێدەنگەوە دەستیپێکرد. ژوورێک بە دیوارگەلێکی پڕ لە قڵیشەوە. مارمێلک لەم قڵیش بۆ ئەو قڵیش دەردەچوو. دیوارێکی گەچ و خاکی، هەوای ژوورەکەشی لێڵ کردبوو. قوونم بە قاڵییە رەقەکەی ژێرمەوە نووسابوو. وزە لە لەشمدا نەمابوو. خانەکانی لەشم لە بێ وزەییدا رەنگیان گۆڕیبوو. ڕیپۆق خەریکبوو کوێری دەکردم. گلێنەکانم نەدەجووڵان. تەنیا دەنگێک دەهات و قڵیشەکانی دەپێوا. کاتژمێرێکی کۆنی سەردەمی رووس. نەنکم وای دەگوت! جار جار دەنگی لێوە دەهات. جار جاریش دەنگی دڵی خۆمم دەبیست. جار جاریش دەنگی ئەو. دەنگەکان تێکەڵی بێدەنگی ببوون. بۆم جیانەدەکرانەوە. هێڵەکان باوەشیان بە یەکدا کردبوو. ئەویشم بۆ جیانەدەکرایەوە تا لەسەریان بنووسم. ئەوەندە یەکیان دەگوشی، هەموو دونیا سپی هەڵدەگەڕا. سپی سپی، سپیتر لەو سپییەی کە لە بیری کەسدا ناگونجێت. هەندێک جاریش خوێن بە مێشکم نەدەگەیشت. هەموو دونیا ڕەش هەڵدەگەڕا. ڕەشایی دەهات و خۆی بە ڕەشاییدا دەکرد. ڕەشایی بەر پێڵووەکانیشمیان دەگرت. منیان تێکەڵی خۆیان دەکرد. ئەوەی من تێکەڵی دەبووم ڕەشایی بوو، سپی تێیدا دۆشدامابوو. پێنووسی ڕەش بەکەڵکی نێو ڕەشایی نایەت. گوێم شل دەکرد. گوێم لە بێدەنگیی نێو ڕەشایی دەگرت. نازانم هەر ڕەشاییەک بوونی هەبوو یان نە! یان هەمووی کاری بەستراویی دوو دەمار بوو.

سەرم نەدەچەرخاند. چاوم لە سەقفەکە هەڵنەدەکەند. لەجێی خۆمدا دامیکوتاندبوو. ڕەنگە من ئەوم داکوتاندبێت. ئەوەندە سەیرم دەکرد قڵیشی پێوە نەدەما. قڵیشەکان پڕ دەبوونەوە. خاڵی ڕەشی پێوە نەدەما. سپی سپی هەڵدەگەڕا. هێڵەکان دەهاتن. هاوتەریبی یەک و بە مەودایەکی بەرابەر ڕیز دەبوون. نەمدەهێشت باوەش بەیەکدا بکەن. باوەشم لێیان قەدەغە کردبوو. خەریکبوو دڵیان بتۆقێت. لە نێوشانمەوە هەستم بە مووچڕکێک دەکرد. لە ملمەوە پێیدا دەهات. هاوتەریب لەگەڵ قاڵییە ڕەقەکە، لە قامکە گەورەکەی قاچمەوە دەردەچوو. دەمێک بوو ئیدی هەستم بە بۆگەنیویش نەدەکرد. پەنام بۆ وشەکان دەبرد. یەکەم دانە هەڵوەری. دووەم دانەش لەجێی یەکەم دانە خۆی نەگرت. وەرین وەرین. وشەڕێزانێک دەستیپێکردبوو. بەڵام دەستهەڵگر نەبووم. دەست بە داوێنی هێڵەکان ببووم. لە وشەکان دەپاڕامەوە. دەی زمانتان لەگەڵم هەڵچەرخێنن! ڕەنگیان بە رووەوە نەمابوو. وەک "مالیخولیا"یەک چیدی هیچ شتێک نایانبزوێنێت! تووشی ساویر ببوون. نەیاندەزانی چی ڕاستە و چی ناڕاست. لەو وشانە بێزار بووم. هەر وشەکانی جاران. وزە و هێزیان نەماوە. بێزارم. دواهەمین دیالۆگ چۆن هەڵکۆڵم. چیدی هێڵەکان هەست بە قورساییان ناکات. "خاڵ" بێ کۆتاییهاتنی ڕستە کۆتاییان پێ دێنێت.

نازانم، ڕەنگە "من" وشەیەک لەو بم. لە ڕستەیەکی نامۆدا و لە نێوان بکەر و بەرکاردا جێگۆڕکێم پێ بکات. چ کارێک ئەستەمتر لەوەی بکوژێت و بتکوژن. بەردەوام ژیانێک هەر لە مەیداندا هەیە! یان ڕەنگە "ئەو" وشەیەک لە من بێت. چ ئەستەمە ئەوبوون یان یاریکردن لەگەڵ "من". چ ئەستەمە جێگۆڕکێ پێکردن! ترسێک لێرەدا هەیە. بوونی "من" لە ڕستەی "ئەو"دا یان پێچەوانەکەی. بەڵام هەر سەپاندم. بزمارم لە وشەکان دا. دواهەمین دیالۆگ.

دەیگوت: نەبوونی ئازارم دەدات.

دەمگوت: هەندێک جار ئازاری نەبوون لە ئازاری بوون سووکترە.

لاسار بوو: ئەوە تەنیا ئەگەرێکە.

لاسار بووم: واتە ناشۆ نییە.

دەیگوتەوە: نەبوونی ئازارم دەدات.

بۆم پرسیار بوو: بۆ نەبوونی چۆنە؟

لاواز بوو: پێم وەسف ناکرێت!

سەرسامی دەکردم: نەبوونی بووە بە بیرێک.

بەقووڵی دەیگوت: ئەو بیرە ڕواڵەتێکی سەیری هەیە!

خۆم لێ گێل دەکرد: لە خۆتی مەکە بە دێوەزمە.

لاوازیی دەنواندەوە: ناتوانم.

هانم دەدا: دەتوانی.

ڕێی پێ دەگرتم: پێنج چرکە بیر مەکەوە.

لاوازی دەکردم: ناتوانم.

پاساوی دەهێنایەوە: ئەوەی منیش وایە.

پاساوم دەهێنایەوە: ئەوە جیاوازە.

نەیدەسەلماند: چ جیاوازییەکی هەیە؟

دەمسەلماند: تەنانەت کاتێک کە بیر ناکەیتەوە، خەریکە بیر لە بیرنەکردنەوە دەکەیتەوە.

بیری دەکەوتەوە: وەک چۆن بیر لە نەبوونێک دەکەمەوە؟

نەمدەزانی چی دەڵێم: ئەو نەبوونە، بوونێکە بۆ خۆی.

بیری دەکردەوە: چ بوونێک!

فەلسەفەم بۆ دەڕێسا: ئەو نەبوونە، ڕەنگ و دەنگی بوونێک دەدات.

لە من فەیلەسووفتر بوو: کەوایە ئەو بوونە ڕەنگە نەتوانێت نەبێت، بەڵام ئەو نەبوونە ناتوانێت نەبێت.

دەمپێچاند: بۆ نەبوونی بە بوونی پڕناکەیتەوە؟

لاوازیی دەنواند: ناتوانم!

دەستهەڵگر نەبووم: بۆ؟!

لاسارتر لە جاران: چونکە خووم بە نەبوونییەوە گرتووە، ناتوانم بە بوونی، نەبوونی لەبیر بکەم.

تێکیدابووم: دەتەوێت چی بکەیت؟

وەڵامی کورت و نامۆ: دەیبەخشم.

سەرم سوڕمابوو: چی؟!

ئەفلاتوون ئاسا گوتی: نەبوونی.

گێژیم دەکرد: بۆ نەبوون دەبەخشرێت؟

کەمی نەدەهێنا: کە بوو بە بەشێک لە بوونت، ئەرێ.

خەریکی کۆڵدان بووم: دەتەوێت بوونت ببەخشیت؟

سوور هەڵگەڕابوو: دەمەوێت ئەو ئاژەڵە بەوەفایە ببەخشم.

تێکیدابووم: کام ئاژەڵ؟!

ئاسایی بوو: ئەوەی کە ساڵانێکە بە لەشی ناو دەبەین.

تووشی بیرکردنەوەی دووبارەی کردمەوە: ئەو ڕستەیە زۆر ئاشنایە!

وشەکانی کردبووە دیلی خۆی و بە فیلمەکاندا دەهاتەوە: کێوی پیرۆز.

دوو قەرانیم کەوت: ئەها، دەتەوێت پێشکەشی بکەیت؟

پێداگر بوو: هەوڵ نادەم بیپارێزم.

وەهام دەنواند کە لەلام ئاساییە: کەواتە نەبوونی ناپارێزیت.

گوتیەوە: نەبوونی ئازارم دەدات.

پاساوم هێنایەوە: ئازاری نەبوون لە ئازاری بوون سووکترە.

بۆ یەکەمی دیالۆگەکە چووەوە: ئەمجار هەندێک جاری نەبوو!

گوتم: هەوڵمدا ئەگەرێک نەهێڵمەوە.

گوتی: بە سڕینەوەی وشەکان، ئەگەرەکانت بۆ ناسڕێتەوە.

کۆڵم دابوو: وایە...

هەستی بە سەرکەوتن دەکرد: بەدڵنیاییەوە وایە.

دەمپێچاندەوە: باش، ئێستا دەتەوێت لەشت ببەخشی؟

پێداگر بوو: ئەرێ.

ساردیم دەکردەوە: ئاسان نییە.

لەوانە زیرەکتر بوو: لەش تەنیا وشەیەکە، بەخشینی وشە ئاسانە.

وازم نەدەهێنا: نەبوونیش وشەیەکە، بیبەخشە، خۆ ئاسانە.

ئەو ڕستەیەی بوو بە ڕستەی کۆتایی: بەدڵنیاییەوە وا دەکەم.

ئەوە بوو کە لە نەبوونی مندا، نەبوونی بەخشی. بیرم چووبووەوە کە ئەو نەبوونە، ببووە بوونێک. دوو وشە تێکەڵ ببوون: ئەو نەبوونە و لەشی. نەبوونی بەخشی، ئەستەم بوو. لەشی بەخشی، ئاسان بوو. ڕێگا ئاسانەکەی هەڵبژارد. منیش مامەوە و قڵیشەکان و مارمێلکەکان.